حەنان فەتلاوی: کۆمپانیاکانی هەرێم بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی 320 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

حەنان فەتلاوی، سەرۆکی فراکسیۆنی ئیرادە لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، کۆمپانیاکانی هەرێم بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی 320 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە کە بەهاکەی 870 ملیار دیناری مانگانەیە.

حەنان فەتلاوی، ئەمشەو لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، داوا لە پەرلەمانتاران دەکات، هەمواری یاسای بودجە تێپەڕێنن، بەهەمان ئەو خێراییەی کە سێ یاساکەیان لەچەند چرکەیەکدا تێپەڕاند.

ئاماژەی بەوەشکرد، مانەوەی یاسای بودجە بە هەموارنەکراوی، مانای ئەوەیە حکومەت بەردەوامدەبێت لە ناردنی تریلیۆنێك دیناری مانگانە بۆ موچەی هەرێم، لەکاتێکدا کۆمپانیاکانی هەرێم بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی 320 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

حەنان فەتلاوی باسی لەوەشکرد، "ئەو نەوتەی مانگانە لە هەرێم بەرهەمدێت بەهاکەی 870 ملیار دیناری مانگانەیە، بە قاچاخ دەبرێتە دەرەوەی عێراق بە نرخێکی هەرزان و زۆر بەکەمتر لە نرخی سەمە دەفرۆشرێت، وێڕای ئەوەی تورکیا مانگانە داوای 24 ملیۆن دۆلار سزامان لێدەکات، بەهۆی هەناردەنەکردنی نەوت لەڕێی بۆری عێراق بۆ بەندەری جەیهان".